# سیسته می نوێی جیهانی یا جەنگی سەلیبی...؟

محەمەدی کەریمی
ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ

لە هەفتاکان و دروست لەو ساڵ وکاتانەدا کە نازناوی جەزیرەی ئاسایش و ئاسوودەییان لۆ ئیرانی حەساوەی ئەو کاتی بە شیعر و سرود و گۆرانی دە گووتەوە. لە ماوەیە کی زۆر کەمدا، ئێرانی ئارام و ئاسودە و حەساوە لەرایەوە و.... ئێران بووە ناوەندی شۆڕش و مەڵبەندی بەرپابوونی ڕاپەڕین و..... زەمزەمەی شەڕگەلی ناوخۆیی و ناوچەیی هاتە کایەوە و..... دوایش ئاوازی سیستەمی نوێی جیهانی هاتە بەرگوێی جیهان و......!

بە ڵێ ، دروست لەو کاتانەدا کە حیزبی دیموکراتی ئەمریکا، بە دوای ئاسودەییەوە بوو ، ئەمەریکا تووشی شۆڕش و بەرهەمی بەرهەمهێنەری ڕاپەڕین و بەرخۆدان بووەوە. کۆماریی خۆازەکانیش کە هەر لە سەرەتاوە بە دوای شەڕەوە بوون، هەڵبەتە نە لە ماڵی خۆیاندا بەڵکو لە ماڵی خە ڵکانێکی تر.!

لە دوای شۆڕش و لە بۆ بەرپاکردنی شەڕیش ، هە ر دەبووایە جەزیرەی ئارامش و ئاسایشی ناوچەکە واتە ئێرانی شۆڕشگێر و شۆڕشڤان تاوان و جەوری ئەم جورمەیان بکێشابایە. ئەلحەق و مینەلوەسف، ڕاستی نیوەی ئیمانە. گەلانی ئێران بە ماڵ و بە گیان ، ئەم ڕەنج و دەردەیشیان چێشت و کوڵێک ناکامی و تەوژمی بەدکامیشیان کێشا و نۆشی و ژیانێکی سەرتاپا پڕ لە سەخڵەتییان بە دوای خۆیاندا ڕاکێشا....!

بۆ یەکەمجار جورج بووشی گەورە بوو کە سیستە می نوێی جیهانی ڕاگە یاند.
ساڵی 1991 و لە سەر ئاوە گەرمەکانی کەنداوی فارس بوو. ئەو کاتەی کە مێژووی لایەکی گەورەی جیهان لە حاڵی لە یەکترازان و داپچڕان و دنیا لە ئاڵ و گۆڕدا بوو.
ئوردوگای کۆمۆنیزمی جیهان لە سەر لێواری مان و نەمانی شورەویدا مابووەوە کە تێکچوو.
بە هۆی تالانکردنی کووەیت و داگیرکردنی چاڵە نەوتەکانی ئەم وڵاتە لە لایەن سەددام حوسینەوە ،جیهان تووشی ئاڵۆزی و پشێویی هاتبوو ، تالانی و وێرانی و فرێن فرێن واخەریک بوو دەبووە کلتورێکی نێودەوڵەتی و ئیشێکی ئاسایی..........کەم کەس و لایەن ئەو کات و ساتانە بیریان لە چۆنییەتی خولی خولانەوە و جۆری جولانەوەی سیستەمی نوێی جیهانی دەکردەوە.

لە 1993دا و دیموکراتەکانی ئەمریکا بۆ جارێکی دیکەیش و لۆ هەشت ساڵیتر دەسەڵاتیان کەوتەوە دەست. گەرچی هەر دوو دەوری سەرۆک کۆماریی کلینتۆن ئاڵای مافی مرۆڤی هەڵدا و واچاوڕوان دەکرا کە سیستەمی نوێی جیهانی لە واقیعدا جیهانێکی بە بێ زوڵم و زۆر و بە دوور لە شەڕ و شوور و وێرانی دێتە کایەوە. بەڵام وا دەر نەچوو.!

کارەساتی 11ی سێپتەمبەری 2001 گەرچی تاوەکو ڕادەیەکی زۆر مافی مرۆڤی لە بیر بردەوە بەڵکو بوویشە سەرچاوەی بەرزکردنەوەی هەست و خوستی خەست و پەستی تۆڵە سەندنەوە چ لە ناوخۆی ئەمریکا و چ لە زۆربەی وڵاتانی دنیا کە لە دوای ئەم ڕووداونەدا هەم لە ئەفغانستان و هەمیش لە عێراقدا ، بە کردەوە پاڵپشتی و هەوپەیمانییەتی ڕاستەقینەی خۆیان لۆ کەڵی تاقانە لە ساحەی جیهاندا نیشاندا.

دوو کۆنە دۆستی پیر و بە بیر ، واتە ئەمریکا وئینگلیز بە دوو قۆڵی و.... پێکەوە لە پشت سەری ئیسرایلی هێشتەکەیش ماڵوێران و ئاوارە و شەڕانی ویساگن.! زۆر بە ڕاشکاویی و بە بەر چاوی گشت خەڵکی ئەم جیهانەوە.

ئێستەکە و هەر کەسەو لانی کەم بە لای خۆیەوە ئەم پرسیارەی لۆ دئتە ئاراوە کە ئایە ؟؟ لە دوای ئەفغانستان و عێراق چی لە جیهاندا روو دەدات ؟؟
گەر بێتو بن لادن بە ڕاستی خۆی تەسلیم بکات یان دەستگیر بکرێت. ئایە تێکڕا و پێکڕای ئەم شەڕ و شوورانە کۆتاییان پێدێت.؟؟

ئەوەی کە لە ڕواڵەتدا خۆی دەنوێنێت و بە دیارەوەیە، شەڕ و ململانێی بێ ئەمانە لە گەڵ تیرۆریست. تیرۆریستەکان یان ئەو ڕەهەندەی کە لە زۆر شوێنی جیهاندا هێلانەیان چی کردووە و ئەمرۆکە بە ناوی خۆ حەشاردەگەل ناویان دەهێنن و ناویان دەبەن.

ئایە.؟
بە بۆردمانکردنی یەک یان دوو وڵات ئەم خۆحەشاردەگەلە کۆتایان پێدێت.؟
گەر هاتوو ئەم خۆحەشاردەگەلەی ئەلقاعیدە دەستگیر بکرێن و بکەونە داوی پیرە فەرماندەی جیهانی دژە تیرۆریسم، ئایە لە دادگەیەکی سەر بە خۆ و عادڵ و بە توانا و مرۆڤیدا مەحکەمە دەکرێن و بە سزا و ماڤی خۆیان دەگەن.؟
تاوەکو ئێرە جێگەی شک و گومانە.! بەڵگەی زیندوویش دوورگەی گوانتاناما و زیندانە سەیرەکەی ئەمریکای ڕزگاریکەر و ئازادیبەخشە.
هەڵبەتە مەحکەمە و دادی سەددامیش دەزانێت کە لە بەر دەم مێژووی چەرخی چەپگەردی زەوی و زەماندا چاوەڕێی دادە. ئەم ڕاستییەیش وڵامێکی دروستی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە دەست.
دنیا چاوەڕوانی عەداڵەتە ، تەنانەت لەبۆ سەددامی جانی و جەنایەتکاریش. دەسا لێگەرێن با ئەویچ ناڵە و داد و فغانی خۆی سەر بدات وبزانین ئەو چ مەرگێیەتی و وادەی مەرگی ئەو نەگبەتە کەنگێیە و بەگشتی ئەم دەورەیش چۆن دێت و چۆن دەڕوات و دەچێت و تۆ بڵێی خول خولەی ئەم خولەی چەرخی ژیان چلۆن بخولێتەوە.؟

بەڵام ، ئەمانەی کە زۆر لە مێژە وەک کوندەبوو خۆیان دەخزێنە ئەم لا و ئەو لای دنیا، لە بۆ ویرانکردنی ئاوەدانی و ئاوەدانکراوەکان. ساڵانی ساڵە ،واخەریکن خۆیان تەیار و تێر و تەسەل دەکەن بە زۆر چەشنە مەترسی و تەنانەت بە چەکی پڕ لە هەڕەشە وگوڕشەیش.....! ئەمانە کە لە ڕۆانگەی ئایەکانی قورئانییەوە گیانیان خستووتە ناو لەپی مشتیانەوە و ترسی لە دەستدانی گیانیان لێ سەندراوەتەوە و...... لە وانە نینە ،لە سەر دڵخۆاز و بە پێی خواستی خۆیان بەرەو دادگاکانی نێو دەوڵەتی خۆار و خێچ و خللۆر ببنەوە.
گەر هاتوو وابوو. باشە ئەو کاتی چی دەبێت و چی روودەدات لەم جیهانە ئاڵۆز و پاک شێواوەی ئەم سەردەمە.؟

ئەم نەزمە نوێیە . ئەم سیستەمە تازەیەی کە ئەمریکا بە خەیاڵە دایبمەزرێنێت. چییە و چی لە تەک خۆیدا پێیە کە بەم جۆرە و لە گشت لایەکەوە لێی ترساون و لێی دەترسن.؟

هات و هاواری ئەم دوایانەی رۆژئاواییەکان بە گشتی و ئەمریکاییەکان بە تایبەتی و پەلە پەلی هاتوو چوونەکان و پەیتاپەیتا دووپاتە و تەنانەت چەند پاتەکردنەوەی بابەتەکانی سەبارەت بە ئیرانی

ئیسلامی و سەرئەنجام سەراحەتی ئەمجارەی سەرۆک بووش لە قسەکانیدا و لە پێتەختی کاتی ئوروپا و ناتۆوە دەرهەق بە تارانی خاوەن هەڕەشە ، ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەخەن کە ئەمریکا و بەر لەویش ئیسرائیلییەکان و ئەمسایش ئوروپییەکان ترسی ئەوەیان لێنیشتووە کە لە کوتو پڕێکدا لە تارانیش ، هەر بە وێنەی کوریای باکور دەنگێک دەرچێت و بوونی بۆمبی ئەتۆمی خۆی بە گوێی جیهاندا بدات و ئەو کاتە ئیتر کار لە کار ترازاوە و...... ئا لەو کاتانەدا چی روو دەدات و چی دەخولقێت.؟

سەرۆکی تاقانە سیستەمی نوێی جیهانیش جارو بارە ئەم مەترسییە پڕ لە هەڕەشەیش ئاشکرا دەکات و نایشارێتەوە کە: مەترسی ئەوە هەیە کە کەل و پەلی کەرەسەی ئەتۆمی کەوتبێتە دەست تیرۆریستەکان و ئەمەیش واتە جیهانێکی دۆڕاو و هەردەم ئاگراویی.

ئەو جیهانە لە ناو گۆماوی گومانگەلێکی گومانلێکراویدا ووندەبێت و دەتوێتەوە بە کوشت و بڕ و تالان و وێرانکردنی ئاوایی و ئاوەدانی و خاپوورکردنی پەیکەری کۆمەلایەتی گەل و گەلانی ولات و ولاتانێکی مەزلووم و بە بێگومان لەو جیهانەدا تەنانەت زالمەکانیش جەربزە دەبینن و..... ئەرێ بە ڕاستی مالوێرانی و سووتانی ژیان و دەربەدەری و ئاوارەیی تاوەکو بە کەی ؟ کەنگێ و لە کوێ ئەم نەگبەتیانە کۆتاییان پێ دێت .؟ هێشتەکەیش و بە جوانی روون و ئاشکرا نە بوونەتەوە.
لەم وێرانییانەدا کێ زێتر قازانج دەکات و کام لایەنە و کام پێکهاتە بەرژەوەندییەکانی کۆ دەکاتەوە .؟
سەیری هەر کۆمەلگەیەکی ئەم جیهانە پان و بەرینە دەکەی ،هەر یەکەی لە نزیک و دوورەوە وا خەریکی لێکدانەوە و کۆکردنەوەی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیانن، ئەدی ئێمە بۆچە نە.؟؟

هەلەکان ناسک و تەسکن بە وێنەی هەموو کاتەکانی ڕابردوون.
نابێت بهێلین کە هەلەکانی مێژووی رابردوو دووپاتە ببنەوە.

ناوچەی سیحراویی و ئالۆزاوی ڕۆژهەلات بە گشتی و تایبەتی لە گەمارۆی هەمە لایەنەی هێزەکانی ناتۆ یان ئەمریکادایە.
بوونی هێزەکانی نێودەولەتی لە سەر ئاوە گەرمەکانی کەنداوی فارس و داکوتانی پێگە و هێز لە عێراق ولە کووەیت و عەرەبستانی سعودی و لە تورکییە و ئەرمەنستان و گورجستان و ئازربایجان و لە ئۆزبەکستان و پاکستان و ئەفغانستان و ..... هەروا بەردەوامە و درێژەی هەیە. پرسیار ئەوەیە کە ئەم هەمووە لەشکرڕاکێشانە بۆچییە و لۆ کێیە.؟؟

وەک دیاریشە و زۆریش روونە و لە بەر چاوان ، کەس توانای لەرانەوەی نەماوە.

ڕەفسنجانی کە زەمانێک بەو پەڕی هێز و تۆاناوە ،لە پشت سەری ڕێبەریی ئیمام خومەینیەوە باسی لە بەستنی دورگەی هورموزی لە ناو جەرگ و دلی کەنداوی فارسدا دەکرد. ئەمڕۆکە و هەر ئیستەکە باس لە گەمارۆیەکی نێودەولەتی دەکات .! ناڕاستەوخۆ بانگهێشتی کۆنگرێسی ئەمریکا دەکات بۆ تاران و..... لۆیە زۆر باش دەزانێت کە ئیتر ، ئەم جۆرە هەڕەشەگەلە ئیتر باوی نەماوە و کەس نالەرێنێتەوە.

پرسیارێکی گرنگی دیکەیش ئەوەیە کە ناوەرۆک و مانای واقیعی سیستەمی نوێی جیهانی چییە ؟
ئایە سیستەمی نوێ جیهانی یان عەولەمە واتە دابەشکردنی نوێی جیهان .؟ بەم دابەشکردنەیش ئایە کۆتایی بە شەڕ و وێرانکارییەکان دێت.؟

لە ناو گرمە گرمی ئەم هەمووە ئاڵ و گۆڕانەی جیهانی نوێیشـدا ، بەر لە هەمووان کۆماری ئیسلامی لە حاڵی پەلەقاژێدایە و دەستە و داوێنی خۆی بۆ گشت لایەک ڕادەکێشێت ، ئای بەشـقەم ماڵە خولایە ئەمجارەیش ڕزگاری بێت و لەم بەند وداوەیش ئازاد و ڕەها و لەم زگەیش بێیتەوە.
کاربە دەستانی کۆمار هەمدیسان بە هیوای ئەوەن کە بە ئارەقەی نێوچەوانی خەڵکی ڕەش و ڕووت و لە ژێر چارشێوی نەتەوە و دین و ئایینپەرستی خۆیان لەم تیر و تانانەیش ڕزگار کەن. سیناریۆی فیلمێکی شانۆیی دوور و درێژە کە پتر لە بیست و پێنج ساڵە دووپاتە و دەپاتە دەبێتەوە و تاوەکو ئەمرۆکەیش و بە هۆی بوونی دین و ئایینەوە لە گەڵ سەرکەوتن هاوڕێ و هەڤاڵ و هەڤاڵبەند بوونە.

هەر لە سەرەتاکانی سنگ داکوتانی کۆماری ئیسلامی هاوار و هەڕەشەی فاشیستییانە بە ناوی شۆڕش هاتە گۆڕێ و سوپەرە شۆڕشڤانەکان هەر چەشنە دەنگێکی ئازادیخوازانەیان هەر لە ناو گەروودا کپ و مات و بێدەنگ دەکرد، بەو خەون و خەیاڵەی کە نە وەکوو شای شایانی (ئێرانییەکان) بگەڕێتەوە سەر بارگە و بنکەی پێشووی خۆی و دوا بە دوای پەڕ و باڵ ئەستاندنی کۆماری ئیسلامیش، شەڕی عێراق دژی ئێران دەستی پێکرد و ئەمجارە بیانووی شەڕ لە گەڵ دوژمنی دەرەکی و یەکپارچەبوونی خاکی ئێران هاتە ئاراوە. 8 ساڵ بە بیانووی پاراستنی سنورەکانی ئێران چەها چەکی سووک و قورسی سەرەزلە چەکفرۆشەکانی جیهانی چەک و تەقەمەنی تۆقێنەر فرۆشرانەوە و بە زێڕی ڕەش و زەرد و بە زێو و چی دراوی سپی گۆڕانەوە. بە سەدان هەزار مرۆڤی بێتاوان و بەستزمان ڕۆیشتن و بە جێیانهێشتین تا سەرەئەنجام پیاڵە ژەهرەکە خورایەوە و ئەوسا شەڕ و ماڵوێرانی بەرەو کۆتایی خوار و خێچ بووەوە و.....!

دەسگیرکردنی بن لادن لە لایەن ئێرانەوە و دوایەیش پەیامی جێنشینەکەی بنلادن واتە ئەیمەنلزواهیری لەم ڕۆژانەی دوایدا و لە ڕاگەیاندنەکانی جیهانیدا دەنگێکی سیاسیانەی دایەوە کە هەرکام جێگەی سەرنج و لێکدانەوەی ڕاست و دروست و دەقیقی خۆیانن.

دواین پەیامی ئەیمەن زەواهیری ئیعلانی شـەڕی سەلیبی بوو .
ئاخرین پەیامی ئەلقاعیدە و داڕێژەری سەرەکی ستراتیژییەکانی ئەلقاعیدە ، سەرئەنجامی ئەو ئارەزووە بـوو کە هەر لە بنەڕەتدا و لە سـەرەتای دەست بە کار بوونیانەوە بە دوایەوە بـوون ئەویش جەنگی سەلیبیـە.!

جەنگی سەلیبی واتە شەڕی بێ کۆتایی و لە پشت سەر نانی شەڕی نێوان سنورەکان و جەنگی سەلیبی واتە پەڕینەوە بۆ شەڕی بیر و ڕا و شەڕی دین و ئایین و جەنگی سەلیبی واتە شـەڕی بێ دەرەنجام و شـەڕی بێ چاوەڕوانی و بێ سەرئەنجام کە گەیشتن بە ئاشتی نامومکین دەکات و گشت لایەنەکانیش بەرەو بێراهە ئەبات.....!!

لە ناو ئەم بەزم و ڕەزمەدا، ئوروپاییەکان زێتر ترس و لەرزی شەڕیان لێنیشتووە. لۆ.؟ لە مەر ئەوەی ئەوان لە بارەی تیرۆریسمەوە بە تەجروبەترن و ئەزموونیان زیاترە. هەموو ڕەنگە جۆراوجۆرەکانی تیرۆریسمیان تاقی کردووتەوە. سازدەر یان چەرخێنەری زۆربەیان هەر خۆیان بوون، بەڵام ئەمریکا نا، شارەزایی ئەوانی نییە. چونکو تاوەکو 11 سپتەمبەری2001 ماڵ و حاڵ و ژیانی سەرەکی ئەمریکا زۆر دوور و جیاواز بوو لە شەڕ و لە گشت ئەو دەرد و مەرگ و ماڵوێرانییانەی کە شەڕ بە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵانی ژێر دەستەی شەڕی دەهێنان و دەشیهێنێت.

مێژووی مرۆڤایەتی وێنەی زۆر بەزم و ڕەزمی قوربانیدانی بە خۆیەوە بینیوە بۆ ئەوەی خۆی لە دەرد و بەڵای ناگەهانی دوور بخاتەوە ،بە وێنەی قوربانی کردنی مرۆڤ . قوربانیدانی مەڕ و مالات و لە ناوچوونی

سەروەت و سامان و دەسەلات و ناو ونێوبانگی دنیا و فیداکردنی کەسێک یان لە دەستدانی خۆشەویستێک کە هیچ شتێکی ترشوێن پێی ناگرێتەوە و زۆریش ئازارهێنەرە و پڕە لە دەرد و کوڵ. وڵاتانی دیموکرات ، لە چارەی ناچاریدا ،واخەریکن ڕێسا و یاساکانی ژیانی سەربەرزی خۆیان دەکەنە قوربانی.

زۆر یاسای نوێ لە بۆ بەر پەرچدانەوەی تیرۆریسم هاتووتە کایەوە کە لە واقیعدا هەر ئەو یاسایانە زۆر مافی ئازادی و مرۆڤی بە تاک و بە جەم لە خۆ دەپێچنەوە ودەیدەنە بەر دەمی بایە.
سیاسەتوانانی ئوروپایی تازە تێگەیشتوون کە لە ئاست چ بەڵایەکی تاعون ئاسادا گیریان گرتووە و ئەوەی کە بە درێژایی تەمەنی ڕابردوویان و وا لە ڕێگەی ئازادی و سەربەستی مرۆڤدا ودەستیانهێناوە واخەریکن ، لە ڕێگەی بەرگری و خۆڕاگری لە بەرانبەر تیرۆریسمی کەڕ و کوێر و تاریکدا ، سووک و سادە وهاسان و زۆر هەرزان لە دەستی دەدەن.

ئەو پێکهاتن و پێگەیشتنانەی هەمدووبارەی ئەمەریکییەکان و سەرقافڵەی ئوروپییەکان واتە فەرەنسە و ئەڵمانیا بە تایبەتی سەبارەت بە ئێران و تەنانەت لە دوای ناخۆشییەکانی نێوانیان لەمەر عێراق...... بەگشتی لەو تێگەیشتنانەوە هاتنە ئاراوە کە ترسێنەر و هەرەشەئامێز و فیتنە و ئاشوب هەڵگیرسێنەرن.

جەنگی سەلیبی دەزانێت کە ئەمریکا ڕاست دەکات یان معاملە.؟ مێژوو سەلماندوویەتی کە ئەمریکا هەمووکات و لە هەر شوێنێک بە دوای قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی و بەس.

معادلەکان گەرچی تەنگ و تاریک و باریکتر دەبنەوە. بەڵام وەک دیارە و لە بەر چاوان، لەم معادلەیشدا و دیسانەوەیش هەر معاملەکانی نێوان سەرزلەکانی جیهانی سەرمایە دەبیاتەوە. بەڵام ئەوەی کە حەلی گشتی معادلەی ئیسلام بە زۆر دەچێتە سەر یان بە گفتوگۆ ،ماوەیەکی کەمی گەرەکە لۆ وڵامدانەوە.
زۆر لە مێژە دەیبیسین و دەیبینین کە ئەمریکا لە لایەکەوە بە زۆری هەڕەشە و بە ڕازاندنەوەی گورشەی ڕەنگاوڕەنگ 25 ساڵە ئێران دەترسێنێت و.... لە لایەکی دیکەیشەوە ئەوروپا بە گفتوگۆی ئابوری و ڕەخنەی سازندە و لەولاتریشەوە سین و روسەکان بە چفت و پفتی بە ناو چاکە و پشتگیری کەڵەکئامێزی پڕ لە سود و قازانج و..... سەرئەنجام و دەرئەنجامی ئەم هەمووە بێنە و بەرەیش لۆ هەڵمژین و دۆشینی ئیسلامە. بێچارە و کەمچارە تاران، چ لە بەزم و ڕەزمی شادی و شایی و زەماوەند و هەڵپەڕکێدا و چ لە شەڕ و شیوەن و زاری و سەرەخۆشیدا، بە وێنەی مەڕ و مریشک سەری دەبڕن و دەیکەنە قوربانی. قوربانییەکانی گشت لایەکیش هەر خەڵکی کەمچارەن. ئەم هەمووە دەرد و بەڵا و ئێش و ئازار و موسیبەتانەیش تاکەی .؟ ئەوەیش هەر بەندە بە قازانج و بەرژەوەندییەکانی جیهانی سەرمایە. ئەوان باشتر لێی دەزانن. بە کورتی و بە ووردی هەوساری مێژوو لە دەست خۆماندا نییە. بەڵام تیرۆریستەکان.!

گەر هاتو ڕۆژێک لە ڕۆژان تیرۆریستەکان پێشکەوتن و بە ڕاستی سەرکەوتن چ روو دەدات.؟؟ ئەمان چییان پێیە بە دیاری.؟ ئایە دەیانەوێت دەستپوختێکی دیکەی وەک رژیمی تاڵەبان نۆشی گەلانی تری سەر گۆیی زەویی بکەن .؟

کۆتایی ئەم گوتار و ئەم گووتەنەیش دێتەوە سەر ئەم پرسیارە گرنگ ومێژوویە ، کە ئایە ئەو جۆرە کۆمەڵ و کۆمەڵگایانەی کە لە چەشنی تاڵەبانەکانن. وێنەی بەهەشتن یان جەهەننەمن.؟؟

روونکردنەوەی هەر چی زێتری ماڵە کورد و رۆشنکردنەوەی هەر چی زۆرتری ڕاستییەکان ، تەنیا ڕێگە چارەی نەجاتی میللەتێکی سەرکەوتە و نەسرەوتەیە. بەڵێ ، هەر وەک برتولت بڕشتی زانای ئەڵمانی

گووتەنی : ئەوانەی کە هیچ نازانن ،گەمژەن و نەزانن هیچیان پێ نییە بۆ گووتن، بەڵام ئەوەی کە ڕاستی دەزانێت و نایبێژێت خائینە.

لە ڕێگەی ئەقڵ و لە رووی مەنتیقەوە خۆ دوور خستنەوە لە پڕیشکەی لاوەکی و هەر وەها خۆجیاکردنەوە لە گڕوتینی بازنەی دەرەکی و فرێدانی تەزویر ئەرکی ویژدانە زیندووەکانە و کاتی یەکڕەنگی و یەکدەنگی و سەردەمی ماڵاوایی گشتییە لە گەڵ درۆ و ریا و دەغەڵ و چی ناپاک و ناپاکییە. کاتی داڕشتن و بەرپاکردنی سیستەمێکی یاسایی و مرۆڤی ئیدارییە، لە ناو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی. چ لە ناودڵی شار و لەناوماڵ. چ لە سەر دار وبەرد و عەردی شاخ. بەڵام ڕەنگەکان ئەشێ رووی واقیعی خۆیان بگرنە بەر و هیچیتر و بەس. لە مێژە مێژوو ئەم ڕاستییەی سەلماندووە، کە شار بەر لە شاخ هەنگاو دەنێت. کریس کۆچیرای رۆژنامەنووسی فەرەنسەوی لە گەشتی ئەم دوواییەی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان زێتر ئەم ڕاستییەی خستە روو. ئەو ڕاستییانەی کە لە شارەوە گەڕانەوە بۆ شاخ سەر سووڕهێنەر و وریاکەرەوە بوون، بەڵام هێشتەکەیش زۆر کەسی شاخی و تەنانەت لایەکی باشوریش هەر خەستەنە و هەشن کە خەفتەن و بێدار نین.

وەرن هەموو تێکڕا و پێکڕا گوڵی جوان و بۆنخۆش ، بۆ خۆمان و لە بۆ نەوەکانی داهاتوومان بە خۆشی و بە شادی و بەو پەڕی خۆشەویستی بچێنین و بچنین ، تاوەکو خۆشی وشادیش بچنینەوە.

ئەرکی سەر شانی جیهانی ڕۆشنبیرییە کە بە هەموو هێز و توانای قەڵەمەکانیانەوە لە ئاست شەڕ و شەڕپەرستاندا نەوەستن و ڕاوەستن. لە هەر شوێنێک کە زوڵم و زۆر و بێدادی هاوار دەکات، بەر لە هەمووان ئەرکی ڕۆشنبیرانە کە جانانە هەستنە سەر پێ . لەم ڕاستییەدا هیچ شک و گومانێک نییە ،کە سەرئەنجام رووناکی زاڵ دەبێت بە سەر تاریکیداو دەرئەنجامەکەیشی سەرکەوتنی رۆشنبیرییە.

مانای کورت و ناوەرۆکی پاککردەی رۆشنبیریش واتە : زانیاری و هیچیتر. ڕۆشنیری ڕاستەقینە خاوەنی زانیاری ڕاست و دروستە و ڕۆشنبیری واقیعی خاوەنی فەنن و هونەری زانستی و ئەهلی مەنتیق و سەرچاوەی پاکییە لە دەوری ئەو زانیاریانەی کە بە دڵ پێیەتی و ڕۆشنبیری زانا دەزانی زانیاریەکانی بە چ فەنن و هونەرێک لە بۆ جەماوەری خۆی و بە گشتی بۆ خەڵکی هەڵڕێژێت. ئەوانە هەر ئەو هونەرمەندانن کە لە ناو دڵی خەڵکدا دەژین. هێمنی سیاسی و هونەرمەند هەر بۆیە کەوتە بەر قینی سیاسییون ،چونکە ڕاستی نیوان هەر دوو دەستەی خستە روو. لەمابینی هونەر و سیاسەتدا مەندبوونی لۆ هونەر هەڵبژارد و فەرمووی : هەر هونەر مەندە و هونەرمەند مەرد و ڕەند.

ڕاستە کە سیاسەتیش بەشێکە لە هونەر و ئەویش خۆی هونەرێکی موممکینە بەڵام ئەویش وەک هەموو هونەرەکانیترە. وەک چۆن بە گووتنی چەند گۆرانی نابیت بە گۆرانی بێژێکی فرە دەنگخۆش و سەرنجڕاکێش و ناسراو و فەننان و زانایەکی مەزن. کابرای سیاسیش با بۆ چەند جار و چەندین کەڕەتیش خۆی بخزێنێتە نێو ڕادیو و تەلەڤیزیۆکانی تەنانەت ئەم لاو ئەولایشەوە، هەر بەو جۆرەی گۆرانی بێژەکەیە.
هونەرمەندی واقیعی لێی دەپرسن. بەرهەم و سوود و بەهرەتان چی بووە و چییە، بەڵام زۆربەی هونەرمەندە سیاسییەکانی ئێمە بەر لەوەی بێژن وا دەکەین و وادەڕۆین و ئێمە نەبووین و ئەوانی تر بوون پێیاندۆڕاندین و...... سەرەتا بە نووکی زبانی قەڵەمەکانی خۆیان باسی ڕابردووی دۆڕاو دەکەن و سود و بەهرە و قازانجی بابردووی ڕابردووی خۆیان بە زیان و زەرەر و سەرەڕۆیی گشتی لە قەڵەم دەدەن و.......
خەڵکی ئەمرۆ هەموو ،کەم یان زۆر سیاسین و هونەرمەند.

هاواری هونەرە ڕاستەقینەکانی ناودڵی شاریش، بە وێنەی شاخە. ئەوانیش دژی هونەرمەندانی سیاسی و سیاسییە دەسەڵاتدارەکانن.
دەسەڵاتدارانیش کورد وسیاسی و خۆ وڵاتین.
هەر ئەوانەی کە لە تارانەوە، لەمپەری بەردەم ڕاستبێژەکانی ڕۆژهەڵاتین، لەنگەری لایەکی هونەر و سیاسەت و ڕۆشنبیری باشووریشیان بە هیممەتی سیاسییونی هونەرمەند و خۆ وڵاتی لە دەستدایە و لەم بەرەیەشدا، هەر هونەرمەندە سیاسییەکانی دەسەڵاتدار سینگیان لە پێشی پێشەوەدایە. ئەمانیش دەوری سەرەکی ڕەنج و گەنجی خۆیان بە سەر شان و پیلی خەڵکی ڕەش و ڕووتی هەژار و برسی کوردی بێ بەخت و کەمچارە دەیبەن بە ڕێوە.!!!

دنیا ، دنیای ئەقڵ و تێگەیشتنە. تێگەیشتن واتە پێگەیشتن. کە وایە تاوەکوو زووتر لە ڕاستییەکان بگەین زووتریش بە سەرکەوتن دەگەین.